# گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


# بزووتنەوەی ڕوانگە و گوتاری ڕەخنەی ڕۆشنبیریی


**پ.ی.د.محەمەد ئەحمەد حەسەن**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Mohammed.hasan@su.edu.krd



## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١١

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/٩

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**وشە سەرەکییەکان**

*Cultural Criticism, Movement of Rwanga, Culture, Discourse, Literary Criticism*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.9



## پوختە

ڕەخنەی ڕۆشنبیریی وەکوو یەکێک لە مێتۆدە وردەکان بۆ توێژینەوە لە دەقی ئەدەبی هەوڵدەدات، ئەدەب وەکوو دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی سەیر دەکات. توێژینەوەکەمان (بزووتنەوەی ڕوانگە و گوتاری ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە، بەناوی دەروازەیەکی تیۆریی بۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی، سێ تەوەرە لە خۆ دەگرێت. تەوەرەی یەکەم ئیشکردنە لەبارەی زاراوە و چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی و تەوەرەی دووەم باسی ئەوە دەکەین ڕەخنەی ڕۆشنبیریی دەبێتە شوێنگەرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی، کە چۆن ڕەخنەی ڕۆشنبیریی فراوانتر لە ڕەخنەی ئەدەبی کار دەکات. تەوەرەی سێیەم تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییمان دیاریکردووە. هەرچی بەشی دووەمە، بەناوی کاریگەری ڕوانگە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەشێکی پراکتیکییە. لە سێ تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم باسی گوتاری ڕۆشنبیریی بزووتنەوەی ڕوانگە دەکەین. هەرچی تەوەرەی دووەمە، ئیشکردنە لەبارەی ڕوانگە وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نەک ئەدەبی. تەوەرەی سێیەم قسەکردنە لەبارەی بە تەمەنداچوونی ئەدەبی کوردی و ڕۆڵی ڕوانگە لە زیندووکردنەوەی ئەم ئەدەبە وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی.


## پێشەکی

ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لە ئەدەبدا وەکوو پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر بونیادگەری و سیمیۆلۆجیا، کە ئەدەبیان وەکوو دیاردەیەکی زمانیی دەبینی. واتە ئەدەب دیاردەیەکی هونەری و ئێستێتیکی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعریی بووە. ڕەخنەی ڕۆشنبیریی دێت ئەدەب لەو چوارچێوەیە ڕزگار دەکات و دەبێتە مێتۆدێکی نوێ بۆ توێژینەوە لەو نەسەقە ڕۆشنبیرییەی ئەو ئەدەبەی بەرهەمهێناوە. هاوکات توێژینەوەی ئەدەب لەناو سیاقە ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسیەکەیدا. بە بڕوای ئێمە بزووتنەوەی ڕوانگە هێندەی دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی و کولتووری بووە، هێندە دیاردەیەکی ئەدەبی وەکوو دەق نەبووە.

ئەم توێژینەوەیەمان (بزووتنەوەی ڕوانگە و گوتاری ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە، بەناوی دەروازەیەکی تیۆریی بۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی، سێ تەوەرە لە خۆ دەگرێت. تەوەرەی یەکەم ئیشکردنە لەبارەی زاراوە و چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی و تەوەرەی دووەم باسی ئەوە دەکەین ڕەخنەی ڕۆشنبیریی دەبێتە شوێنگەرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی، کە چۆن ڕەخنەی ڕۆشنبیریی فراوانتر لە ڕەخنەی ئەدەبی کار دەکات. تەوەرەی سێیەم تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییمان دیاریکردووە. هەرچی بەشی دووەمە، بەناوی کاریگەری ڕوانگە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەشێکی پراکتیکییە. لە سێ تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم باسی گوتاری ڕۆشنبیریی بزووتنەوەی ڕوانگە دەکەین. هەرچی تەوەرەی دووەمە، ئیشکردنە لەبارەی ڕوانگە وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نەک ئەدەبی. تەوەرەی سێیەم قسەکردنە لەبارەی بە تەمەنداچوونی ئەدەبی کوردی و ڕۆڵی ڕوانگە لە زیندووکردنەوەی ئەم ئەدەبە وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی. ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک دیاری کردووە. لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان بەپێی سێستەمی هارڤارد

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری بۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی

### تەوەرەی یەکەم: چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی

چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لەناو ڕۆشنبیریی و ئەدەبیاتی کوردیدا چەمکێکی تازەیە. ڕەنگە هەردوو بەشە پێکهێنەرەکانی چەمکەکە بۆ خوێنەری کورد ئاشنا بن. خوێنەر دەزانێت زاراوەی ڕەخنە چییە و هاوکات زاراوەی ڕۆشنبیریی چییە! کاتێک خوێنەری کورد بەر وشەی ڕەخنە دەکەوێت، ڕاستەوخۆ ڕەخنەی ئەدەبی بیر دەکەوێتەوە. ڕەخنەی ئەدەبیش وەکوو چالاکییەکی فیکری دەتوانێت سرووشت و سنوور و ئەرکی خۆی وەکوو ناسنامە دەربخات، کە ڕەخنەی ئەدەبییە. کەواتە هەر کاتێک زاراوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەمان گوێ لێ دەبێت، سیفەتێکی ئەدەبی تێدا دەبینینەوە. بەڵام کاتێک لەگەڵ زاراوەیەکی وەکوو ڕۆشنبیریی لێکی دەدەین زاراوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی Cultural Criticism دروست دەبێت. لێرەدا زاراوەی ڕەخنە ڕەهەندێکی ڕۆشنبیرییانەی دەبێت. واتە زاراوەی ڕەخنە فراوانتر و قووڵتر دەردەکەوێت. بۆ ئەم چەمکە زاراوەگەلی دیکەیش بەکاردێت. بۆ نموونە مێژووگەرایی نوێ، شیکردنەوەی ڕۆشنبیریی و ئێستێتیکای ڕۆشنبیریی و ...تاد. دامەزرێنەر یەکەمی ئەم تیۆرییە (ستیڤن جەی گرینبلات(Stephen Jay Greenblatt ە. ((زاراوەی مێژووگەرایی نوێ، بنیادی سەرەکیی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییە، ئەم زاراوەیە لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن گرینبلاتەوە بۆ وەسفی پرۆژە ڕەخنەییەکەی لە گوتاری نوێبوونەوەی ئینگلیزی بەتایبەت شەکسپیر بەکاریهێنا. ئەم زاراوەیە هەر زوو لە لایەن پاش بونیادگەرەکانەوە پەسەند کرا.)) [الغذامی: ٢٠٠٥: ٤٢] کەواتە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لە بنەڕەتدا بۆ زاراوەکەی مێژووگەرایی نوێ و شیکردنەوەی ڕۆشنبیریی دەگەڕێتەوە. هاوکات لە دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو زاراوەی (جوانناسی ڕۆشنبیریی) بۆ بەکارهات. ئەم زاراویە لە ئەنجامی ((ئەو خوێندنەوانەی کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی، کە ئینتیمایان بۆ ئەم قوتابخانەیە هەبوو دەگەڕێتەوە. لەوانە: لویس مۆنترۆسLouis Montrose ، ڕیتشارد هێلگرسنRichard Helgerson ، ئەوان ڕاڤەی ئەو تایبەتمەندیانەیان کرد، کە لە ئەنجامی توێژینەوەی نووسینەکانی سەدەی ڕێنسانس شێوەیان گرتبوو.)) [بنگراد: ٢٠١٢: ] ڕەخنەی ڕۆشنبیریی هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی واتای دەقی ئەدەبی و یەکێکە لە ئاراستەکانی ڕەخنەی پۆستمۆدێرنە، یان پاش بونیادگەری.

بۆ لێکدانەوەی ئەم چەمکە پێویستیمان بەوەیە بزانین ڕۆشنبیریی چییە؟ ڕۆشنبیریی بە ڕەهەندە ڕووحانی و مەعنەوییەکەیەوە مەدلوولاتی جیاوازی هەیە بەتایبەت لە بونیادگەری و ئەنترۆپۆلۆجیا و پاش بونیادگەرییەدا. ڕۆشنبیریی بوارێکە دەکەوێتە ناو شارستانییەتەوە. شارستانییەت دوو بەش دابەش دەبێت. بەشێکیان ماددی و تەکنیکیە، کە بە تەکنەلۆجیا ناودەبرێت، بەشی دووەمیان مەعنەوی و ئەخلاقی و داهێنانییە، کە بە ڕۆشنبیریی ناو دەبرێت. توێژینەوەی ڕۆشنبیریی گرینگی بە هەموو ئەو چالاکییە ڕۆشنبیریی و مرۆییانەی پێشکەش دەکرێن، دەدات. ڕەخنەی ڕۆشنبیریی توێژینەوە لە دەق و گوتاری ئەدەبی و هونەری بە پێوەرە ڕۆشنبیریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان دەکات. هاوکات ڕەخنەی ڕۆشنبیریی ڕەخنەیەکە دژ بە ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕ وەک چۆن ڕۆشنبیرانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمریکایی لە ساڵی ١٩٤٩دا ڕەتیان کردەوە خەڵاتی بۆڵنگتۆن لە شاری نیۆرک بدەن بە (ئەزرا پاوەند)ی شاعیر، بە هۆی ئەوەی پشتگیری مۆسۆلین و هیتلەری لە جەنگی دووەمی جیهانی کرد. کەواتە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بریتییە لە کارکردن لەبارەی دەق وەکوو نیشانەیەکی ڕۆشنبیریی و نەسەقی، نەک نیشانەیەکی ئێستێتیکی و هونەری و فۆرمی، کە بە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ مەبەستێکی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ڕەخنەی ڕۆشنبیریی وەکوو ڕووداوێکی ڕۆشنبیریی لە دەق دەڕوانێت. واتە ئەدەب بە گشتی و دەق بەتایبەتی بە نەسەقە ڕۆشنبیرییەکەیەوە گرێدەدات. ئەم فۆرمە لە ئیشکردن وەکوو دیاردەیەکی جوانیی و هونەری لە دەق ناڕوانێت، بەڵکوو وەکوو نەسەقێکی ڕۆشنبیریی، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێ سیاقی ڕۆشنبیریی، مێژوویی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاکاری و بەها مرۆییەکانی شارستانیەتە. لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ڕۆشنبیریی گوزارشتە بەراوردی نێوان کۆمەڵێ پسپۆڕی و هەوڵی ئاشکراکردنی سیستەمی ڕۆشنبیریی دەدات. دەق و گوتار لێرەدا هۆکارێکن بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە ڕۆشنبیرییەکان، کە لە ناهوشیاریی زمانی و ئەدەبی و جوانییدا هەن.

ڕەخنەی ڕۆشنبیریی ئەدەب لە ڕووی جواناسییەوە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی تێدەپەڕێنێت. واتە هیچ مەودایەک لە نێوان دەق و دەوروبەرە ڕۆشنبیرییەکەی ناهێڵێتەوە. بۆیەیش دەبێ لێرەدا جیاوازی نێوان توێژینەوەی ڕۆشنبیریی و ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بکەین. توێژینەوەی ڕۆشنبیریی هەموو ئەو توێژینەوانەی تایبەتن بە چالاکیی ڕۆشنبیریی مرۆ دەگرێتەوە. هەرچی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییە توێژینەوەیە کە دەق و گوتاری ئایینی، هونەری و ئێستێتیکی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان. ئاشکرایە توێژینەوەی ڕۆشنبیریی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە پەیدا دەبن، بەتایبەت لە زانستە مرۆییەکاندا، وەک: کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆجیا، دەروونناسی، مێژوو و فەلسەفە...تاد. بۆیەیش توێژینەوەی ڕۆشنبیریی بە شێوەیەکی فراوان لە ساڵی ١٩٦٤ەوە گەشە دەکات، بەتایبەت لەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی بێرمینگهام بۆ توێژینەوەی ڕۆشنبیریی نوێ و قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ توێژینەوەی ڕۆشنبیریی لە ئەڵمانیا. ئەم دوو ناوەندە سوودیان لە بونیادگەری و پاش بونیادگەری وەرگرت. ئەوان بوونە هۆی پەیدابوونی چەندین تیۆر و ڕێباز و قوتابخانەی ڕەخنەیی و ئەدەبی. بۆ نموونە توێژینەوەکانی ڕۆلان بارت، میشێل فۆکۆ، پییەر بۆردیۆ، ئیدوارد سەعید، جان بۆدریار و فرانسوا لیۆتار...تاد. بە شێوەیەکی گشتی ناوەندی بێرمینگهام و قوتابخانەی فرانکفۆرت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێشبردنی توێژینەوە ڕۆشنبیرییەکاندا هەبوو. ناوەندی توێژینەوەی ڕۆشنبیریی نوێ لە زانکۆی بێرمینگهام لەسەر دەستی هۆگارت دروست دەبێت، پاشان ستیوارت هۆڵ شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

لە قۆناغی پۆستمۆدێرنەدا، پێش پێش دەرکەوتنی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی وەکوو تیۆرییەک بە تەواوی، هێندێک ئاماژەی دەرکەوتنی ئەم تیۆرییە دەردەکەون، ((بەتایبەت وتارە بەناوبانگەکەی بیرمەندی ئەڵمانیایی تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لە ساڵی ١٩٤٩دا بە ناونیشانی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵ. لەو وتارەدا هێرش دەکاتە سەر ئەو تایپە چالاکییەی نووسەر بە ڕۆشنبیریی ئەوروپییەوە دەبەستێتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەوەی ڕەخنەیەکی بورژوازیانەیە.)) [میجان رويلی وسعد البازعی: ٢٠٠٢: ٣٠٦] هاوکات توێژینەوەکانی بیرمەند (یۆرگن هابرماس) و توێژینەوەی مێژوونووسی ئەمریکایی (هیدن وایت) بەناونیشانی وتارگەلێ لە ڕەخنەی ڕۆشنبیرییدا لە ساڵی ١٩٧٦دا. لەگەڵ توێژینەوەکانی (بیرمەند ڕیمۆند ویلیامز)، کە لەبارەی ڕۆشنبیرییەوە توێژینەوەی زۆری کردووە. بەڵام لە هەموویان گرینگتر توێژینەوەکانی (ڤینسنت لیتش)ە. ئەم ڕەخنەگرە لەبارەی بۆچوونی ڕۆشنبیرانی نیۆرک لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە دەڵێت: ((بە بڕوای ڕۆشنبیرانی نیۆرک دەقی ئەدەبی دیاردەیەکی کراوەی ڕۆشنبیرییە لە چەند ڕوویەکەوە شی دەکرێتەوە. ئەوان لە تیۆرییە ڕەخنەییەکەیاندا پێڕەوی لە ئاوێزانبوونی دەقی ئەدەبی دەکەن، چونکە ڕۆشنبیریی شتێکی دینامکیە، ئابووری، سیستەمی کۆمەڵایەتی، بەهای ئاکاری، بیروباوەڕە ئایینییەکان، ئەزموونە ڕەخنەییەکان، بونیادی سیاسیی، سیستەمی پێوانەیی، گرینگیدانە فیکری و هونەرییەکان ئاویزانی دەبن.)) [لیتش: ٢٠٠٠: ١٠٤] کەواتە دەرکەوتنی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی وەکوو مێتۆد و تیۆرییەک بۆ ساڵی (١٩٨٥) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) لە زانکۆی مینیسوتا. دواتر ئەم تیۆرییە لە زۆربەی زانکۆکان دەخوێندرێت. هەرچەندە وەکوو زاراوە بە شێوەیەکی تیۆری و مێتۆدی بۆ (لیتش) دەگەڕێتەوە، کاتێک لە ساڵی (١٩٩٢)دا کتێبێک بە ناونیشانی (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی: تیۆریی ئەدەبی پۆستمۆدێرنە) دەنووسێت. کەواتە یەکەم کەسێکە توێژینەوە لە گوتار لەبەر ڕۆشنایی مێژوو، کۆمەڵناسی و سیاسەت و ڕەخنەی ئەدەبی دەکات. ئەم ڕەخنەگرە کاتێک توێژینەوە لە دەق گوتار دەکات لە ڕووی جوانناسی و سێستەمییەوە توێژینەوە ناکات، بەڵکوو لە گۆشەنیگایەکی ڕۆشنبیرییەوە،

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


ناسێنتەرییەوە لێی دەڕوانێت. مێتۆدەکەی (لیتش) ئارکیۆلۆژیانەیە بۆ دەرخستنی گوتارەکان و ئاشکراکردنی نەسەقە ڕۆشنبیرییەکان.

## تەوەرەی دووەم: ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لەجیاتی ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەخنەگر (عەبدوڵلا غوزامی) لە کتێبەکەیدا (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی، خوێندنەوەیەک بۆ نەسەقە ڕۆشنبیرییەکانی عەرەبی) مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی ڕادەگەیەنێت. بە بڕوای ئەو ڕەخنەی ڕۆشنبیریی دەبێتە جێگرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی. ئەم پڕۆژەیە دایەلۆگی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. تەنانەت دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەگری دیکە بکەونە دایەلۆگ لەگەڵی و دواتر ئەو دایەلۆگانە بە کتێب بڵاوبکرێنەوە. بە بڕوای ئەم ڕەخنەگرە ئەوانەی بەرگری لە ڕەخنەی ئەدەبی دەکەن بۆ نموونە (عەبدولنەبی ئەستیف) ڕەخنەی ئەدەبی وەکوو ((ئەزموونێکی ئەکادیمی، یان وانەیەک بۆ ڕاهێنان و چێژ دەبینێت.)) [عبدالله الغدامی وعبدالنبی اصطیف: ٢٠٠٤: ١٥١] کەواتە پرۆسەکە لەوە فراوانتر و قووڵترە، ڕەخنەی ئەدەبی لەم بۆچوونەدا تەسک بکەینەوە. چونکە پێشکەوتنەکانی خێرا و لە ناکاوەکانی مرۆڤ وایکردووە تێڕوانین و کەرەسەی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی زیاتر بێت. واتە هەموو ئەو شتانە پێشکەوتووبوونە، بابەت و تێمەی گۆڕانی زۆر بەسەردا هاتووە، بەڵام خوێندنەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی لە ئێستا وەستاوە و نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا بگونجێنێت و هەڵبکات. تەنانەت بۆچوونەکانی (ئەدۆنیس) خوێندنەوەیەکی لاسایی و کۆنن. ئەم بۆچوونەی غوزامی، بۆچوونێک نییە لە بۆشاییەوە هاتبێت. تەنانەت ئەم بۆچوونەی ئەو بە واتای ڕەتکردنەوەی موتەنەبی و ئەبی تەمام نییە، تەنانەت بۆ ڕەتکردنەوەی دیوانی عەرەب نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ گۆڕینی مێتۆد و کەرەسەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن. ئەویش لە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی لایەنی جوانناسییەوە، کە دەق وەک ئەدەبێکی جوان و پڕ لە چێژ دەبینێت، بۆ سەیرکردنی ئەدەب و دەق وەکوو گوتارێکی ڕۆشنبیریی، یان نیشانەیەکی ڕۆشنبیریی. لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی جێگرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکوو وەکوو مێتۆدێک لە مێتۆدەکانی تر فراوانترە.

لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕەخنەگرە جیاوازی لە نێوان مەبەستی ڕەخنەی ئەدەبی و مەبەستی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی دەکات. بەوەی ((لە ئەدەبدا لایەنی جوانیی دەبینن، هاوکات لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە دوای

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوانی و ئەوەی ئەم جوانییە لەکەدار دەکات دەگەڕێین، واتە لە چوارچێوەی دەقدا دەسوڕێینەوە، بەڵام لە ڕۆشنبیریی و ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا نەسەقەکە دەخوێنینەوە و پێکهاتەی گوتار ئاشکرا دەکەین، بەوەی نەسەقیان بەرهەمهێناوە.)) [عبدالله الغذامی وعبدالنبی اصطیف: ٢٠٠٤: ١٥٤] ئەم جیاوازییە، جیاوازییەکی گەوهەرییە، چونکە ڕەخنە تەنیا لایەنی ئێستێتیکی دەبینێت، واتە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵییەکان پێشکەوێت. هەرچی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییە، دەق لەو چوارچێوە تەسکە دەهێنێتە دەرەوە و وەکوو گوتارێک پێشکەشی دەکات. ئەمە بەتایبەت لە زانکۆکان ڕوودەدات. بۆ نموونە لە بەشە کوردییەکاندا کاتێک شیعرەکانی نالی، مەحوی، حاجی قادر، گۆران و شێرکۆ بێکەس و...تاد بە خوێندکارەکانمان دەڵێینەوە، ئەوا تەنێ لایەنی جوانیی شیعرەکان دەخەینەڕوو، واتە وەها لە قوتابییەکانمان دەگەیەنین شیعری ئەم شاعیرانە ئەرکێکی زانستییە، نەك ئارەزوو و چێژێکی ڕۆشنبیریی. دەمەوێ بڵێم کاتێک شیعر، ڕۆمان لە چوارچێوەی دەقدا قەتیس دەکەین، ئەوە ئەو دەقەمان لە گوتار دابڕیوە، یان لە وەکوو بەشێک لە ڕۆشنبیرییمان دابڕیوە. ئەم ئەنجامە ئەنجامێکی تەواوەتییە لە ڕەخنەی ئەدەبییدا.

## تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی

١ .تەواوکاریی: ڕەخنەی ڕۆشنبیریی، جۆرەکانی دیکەی ڕەخنە ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو دژ بە دەسەڵات و هەیمەنەتی تاکڕەخنەییە. هەروەک ڕەخنەگر (عەبدوڵڵا غوزامی) دەڵێت: ((مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی تاکلایەنانەی ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکوو ئامانج لێی گۆڕینی کەرەسەی ڕەخنەییە، لە خوێندنەوەی جواناسی پەتییەوە بۆ تۆێژینەوەی ڕەخنەی گوتار و ئاشکراکردنی نەسەقەکەی.)) [الغذامی: ٢٠٠٠: ٨]

٢ .فراوانبوون: ڕوانگەی ئەم ڕەخنەیە بۆ چالاکییە مرۆییەکان بەردەوام فراوان و کراوەیە، واتە دەرگە بەسەر خۆیدا داناخات، بەڵکوو بەردەوام مەودا و بوار بۆ چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ دەهێڵێتەوە. واتە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی تەنێ توێژینەوە لە دەزگە و جەماوەر کورت نابێتەوە، تەنانەت توێژینەوە لەو بوارانەی فەرامۆش کراون، خراونەتە پەراوێزەوە دەکات. ((ڕاستە گۆرانی هونەرێکی جوانە و گومانی تێدا نییە پرسیاکردن لەبارەیەوە پێویست و گەوهەرییە، بەڵام ئەی چی گەر ئەو جوانییە بە کێماسی نەسەقی لە پێکهاتەی ڕۆشنبیریی گشتی بۆ داڕشتنی کەسێتی شارستانی بگۆڕێت.)) [عبدالله الغذامی و عبدالنبی اصطیف: ٢٠٠٤: ١٩ ]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣ .بەرکەوتن: ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی بۆ پێشکەوتن و گەشەی ئەدەب پێویست بێت، بەتایبەت بۆ ئاشکراکردنی ڕیسا و یاسا جوانییەکان تاکوو ڕاڤەی دەقی پێبکەین. لە کاتێکدا ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لە ڕوانگەی ڕەخنەوە فراوانترە و بەرکەوتنی لەگەڵ کۆی بوارەکانی ژیاندا هەیە. لێرەوە ڕەخنەی ئەدەبی بەهایەکی نوێی دەبێت، چونکە چالاکییە مرۆییەکان لە کۆی بوارەکان پێویستی توێژینەوەیە، ئەمەیش ڕەخنە دەیهێنێتەدی.

٤ .پێویستی: لە ڕوانگەی پنتەکانی سەرەوە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی وەکوو پێویستییەک دەردەکەوێت. مامەڵەکردن لەگەڵی بۆ پەسەندکردنی هێندێک لە بۆچوونەکان، کە لەگەڵ بیرکردنەوە کۆنەکانی ئێمە دەگونجێت و هێندێکی دیکەیش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تێڕوانینمان بۆ ژیان.

٥ .کەشفکردن: ڕەخنەی ڕۆشنبیریی هەوڵدەدات لایەنە ئێستێتیکییە نوێیەکان لە دەقی ئەدەبیدا کەشف بکات. واتە دەیەوێ ئەو لایەنانەی بوونەتە هۆی داهێنان کەشف بکات.

## بەشی دووەم: کاریگەری ڕوانگە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە

### تەوەرەی یەکەم: گوتاری ڕۆشنبیریی بزووتنەوەی ڕوانگەیە

بزووتنەوەی ڕوانگە لە ڕێککەوتی (١٩٧٠/٤/٢٥) لە ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی هاوکاری بە ناوی (بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێمان) بە واژۆی: شێرکۆ بێکەس، حسەین عارف، جەمال شارباژێری، جەلال میرزا کەریم و کاکەمەم بۆتانی بڵاودەبێتەوە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بەرباسی بدەم، چەمکی گوتاری ڕۆشنبیریی و گوتاری دەسەڵاتە. چەمکی دەسەڵات لێرەدا بە واتا سیاسییەکەی نییە، بەڵکوو مەبەستمان لە هەژموونی دەستەیەکە لە ڕووی فیکری و شێواز و ئایدیۆلۆژیاوە. پێش بانگەوازی ڕوانگە، هەژموونی ئەدەبیاتی ئایدیۆلۆژی برەوی هەبوو. واتە ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی کرابوونە وەسیلەیەک بۆ گوزارشتکردن و خزمەتکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، ئەویش ئایدیۆلۆژیای چەپ و شۆڕشگێڕی بوو. نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبە لە شیعرەکانی گۆران، کامەران موکری، دیلان و قانیع...تاد، هاوکات چیرۆکەکانی محەمەد مەولوود مەم، د.مارف خەزنەدار، مستەفا ساڵح کەریم و ڕەئوف بێگەرد...تاد دەبیندرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەمکی هەژموون (الهیمنه Hegemony) -لە لایەن زۆر فەیلەسووف و تیۆریزان قسەی لەبارەوە کراوە. بۆ قسەکردن لەبارەی چەمکی هەژموون و دەسەڵات پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی فەیلەسووف (ئەنتۆنیۆ گرامشی). مەبەست لە چەمکی هەژموون، دەسەلات و هەژموونی دەستەیەک لە ڕۆشنبیران، یان دەزگەیەکی دیاریکراو لە ڕووی ڕۆشنبیریی و فیکرییەوە بەسەر کۆمەڵدا. بەڵام دەبێ بە وریاییەوە لەگەڵ هەردوو چەمکی هەژموون و دەسەڵات لە کن ئەم فەیلەسووفە مامەڵە بکەین. بە بڕوای ئەم فەیلەسووفە ((سەروەری گرووپێکی کۆمەڵایەتی دوو شێوەی هەیە، "دەسەڵات" و "ڕێنمایی هزری و ئاکاری". بەمەش کاتێک چینی باڵادەست بە بەکارهێنانی هێز چینەکانی دیکە لە کۆت ڕزگار بکات، دۆخی "دەسەڵات" لە ئارادایە. بەڵام کە چینی باڵادەست سەروەری خۆی بە شێوەی ڕێنمایی هزری، ئاکاری و...بسەپێنیت، دۆخی "هەژموونی" لە ئارادایە. لە ڕاستیدا وشەی دەسەڵات لە بەرامبەر وشەی هەژموونییە، لێرەدا لایەنی کەلتووری هەژموونی بەرجەستە دەبێت.)) [ئاشنابوون بە گرامشی: ٢٠١٥: ٢٢] ئەوەی لێرەدا بۆ توێژینەوەکەمان پێویستمانە چەمکی هەژموونە، چونکە باس لە هەژموونی چینێک لە شاعیر و ڕۆشنبیران لە ڕووی فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە دەکەین. دەمەوێ بڵێم بانگەوازی ڕوانگە پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر هەژموونی کولتوورێک لە شیعر و ئەدەبیات. ڕوانگەییەکان لە بانگەوازەکەیاندا بەگژ ئەم شێوازە هەژموونەدا دەچنەوە. ((نە ئەمانەوێت دەست بنێینە بینی بەهرەی سەربەستیی دەربڕین و نەئەشمانەوێت وشەی کوردیی لە دروشمەکانی سیاسەت و ڕاستەوخۆی دەربڕینی وشکی کلاسیکیدا گییر بخوات. ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبی ئەم سەردەمەمان، کتومت لەگەڵ ڕێڕەوی سەدەی تازە و بابەتەکانی ئەستاتیکی و هونەریدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئازار و ئاواتێکی کۆمەڵگای کورد بەتایبەتی و گشت مرۆڤایەتی بێت.)) [عارف: ٢٠٠٥: ٩] کەواتە ئەوەی ڕوانگەییەکان شۆڕشیان لەپێناودا هەڵگیرسان لایەنی کولتووری و ڕۆشنبیریی بوو. شۆڕشی ئەوان شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی بوو دژ بە نەهێشتنی هەژموونی ڕۆشنبیرییەکی چەقبەستوو و بارکراو بە ئایدیۆلۆژیا. یەکەم کارێک ئەوان ئیشیان لەبارەیەوە کرد دەرکردنی سیاسەت بوو لەناو ئەدەبیات. لێرەوە نامانەوێت ئەوە بڵێین سیاسەت و ئەدەب دوو دنیای لە یەکدی جیاوازن، بە پێچەوانەوە ئەم دوو بوارە دەتوانن سوود لە یەکدی وەرگرن، بەڵام کاتێك ئەدەب دەبێتە ئامرازێک بۆ سیاسەت، ئەوا ئەدەبیەتی خۆی لە دەست دەدات. بەمەیش ئەدەب بە ئایدیۆلۆژیا باردەکرێت.

ڕوانگەییەکان دێن واتایەکی دیکە بە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی دەبەخشنەوە. ئەویش شیعر و ئەدەبی کوردی وەکوو ڕۆشنبیریی دەبینن.

تەنانەت کاتێک بانگەوازی ڕوانگە بڵاودەکرێتەوە، ئەوانەی داوای ئەدەبیاتی هەژموونیی و پێگەی ئەدەبیاتی ئایدیۆلۆژی دەکەن، دەکەونە دژایەتی ئەم بزووتنەوەیە. دژایەتی ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە لە لایەن نووسەرانێکی وەکوو: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، فوئاد قەرەداغی و فازیل مەلامەحموود هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ئەدەبیاتی سۆشیالیستی و ئایدیۆلۆژی. ئەوان داوایان دەکرد ئەدەب لە خزمەت جەماوەردا بیت. واتە ئەوان داوای ئەدەبیاتێک دەکەن، هەژموونی بەسەر کۆمەڵ و خەڵکەوە هەبێت و خەڵک ئاراستە بکات. فازل مەلا مەحموود لە وتاری (ڕوانگە؟ یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست؟) دەڵێت: ((لە سەرتاپا بەرهەمەکانی ڕوانگە، بە شیوەیەکی گشتی، حەرفێکی دژی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی تیا نییە، کە دوژمنی ئەساسی بزووتنەوەی نیشتمانین لەم قۆناغەدا. باسێکی ژیان و چەوساندنەوەی سەخت و خەباتی بێوچانی کرێکاران و جوتیارانی ئەم وڵاتەی تیانییە. شیعرێکی ڕوانگەیی، یان نووسینێک، تەرخانکراوە بۆ دەرخستنی خراپی و ناشرینی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی لە وڵاتدا و هاندانی خەڵک بۆ بەربەرەکانێی ژێردەستەیی و زوڵم و زۆر. لە نوسینی ڕوانگەییەکانا برسێتی و بێکاری بەدی ناکرێ، ژانی پشتی هەزاران هەست ناکرێت بە دەست قامچی زۆردارەوە، بەڵکو کۆمەڵ وا دێتە بەرچاو کە نەهەژاری تیایە و نە جوتیار، نە کرێکاری تیایە و نە بۆرجوازی و خاوەن ئیش.)) [عارف: ٢٠٠٥: ٢٦٩] ئەم تێروانینە بارکردنی ئەدەبە بە کۆمەڵێک ئەرک، واتە ئەدەب دەبێت ئەرکی هەبێت، ڕۆڵی هەبێت لەناو کۆمەڵدا. واتە ئەدەب لە خزمەت یەک چینی دیاریکراو بێت، ئەمەیش تەسکردنەوە و قاودانی ئەدەبە لە یەک بواری دیاریکراو و چینی دیاریکراو. بەمەیش چینێکی دیاریکراو دەیەوێ دەسەڵات بەسەر ئەدەبیاتدا هەبێت، واتە ئەدەب بکاتە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. ئەمەیش هەمان تێڕوانینی (میشێل فۆکۆ)یە بۆ چەمکی دەسەڵات. بە بڕوای ئەم فەیلەسووفە ((پێویستە دەسەڵات وەکو شتێک لێک بدرێتەوە کە دەبزوی و دەخولێتەوە، یان وەکو شتێک کە تەنها کاتێک کار دەکات کە ئەڵقەیەک بێ لە زنجیرەیەک. دەسەڵات لیرە، یان لەوێ چڕ نابێتەوە. لە دەستی هیچ کەسێکدا نییە، دەسەڵات وەکو سەروەت و سامان خاوەنداریەتی ناکرێت، دەسەڵات کار دەکات.)) [فۆکۆ: ٢٠١٨: ٨٤] بەردەوام دەسەڵات وەکوو هێز و ڕەوتێک (ڕەوتی فیکری،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵی) لە ڕێی چەند تۆڕێکەوە کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێ. واتە دەسەڵاتی چەپ و ئایدیۆلۆژیای چەپ وەکوو دەسەڵات دەیویست ئەدەب بکاتە ڕێیەک بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە، یان ئەدەب ملکەچی خۆی بکات. ئەم گوتارە لە سەردەمی ڕوانگەییەکان باوی هەبوو. هەر ئەم گوتارەیش دژایەتی تەواویان بۆ بزووتنەوەی ڕوانگە، وەکوو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی ڕاگەیاند. لە بانگەوازەکەدا هاتووە، بانگەوازەیەکیان تایبەت نییە بە یەک بواری ژیان، خۆیان بە یەک بوار و لایەن نابەستنەوە. ((بانگەوازی ئەدەبیی ئەمڕۆ، بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و کارزان و یاخیبوونە، بەرامبەر سەراپا مەیدانەکانی ژیان. بانگەوازی ئەو وشە و هەست و بیرانەیە کە سنوورێک نییە بۆ ئەوەی بەزۆر بیانبەستێتەوە و بە دۆشداماوی ڕاگیریان بکات و بەری چوونە پێشەوە و چاونەترسییان لێبگرێت.)) [عارف: ٢٠٠٥: ٧] ئەم تێڕوانینە هەمان ئیشکردنی بواری ڕۆشنبیرییە، واتە ڕەخنە لە کۆی بوارەکانی ژیان دەگرن، گۆشەنیگا و تێڕوانینێکی ڕۆشنبیرییان هەیە، ئەوانە لە ڕوانگەی فێمینیستی، مارکسی، فرۆیدی، یۆنگی و ڕادیکاڵییەوە کاریان کردووە. ڕوانگەییەکان لە بانگەوازەکەیاندا خۆیان بە یەک ڕوانگە و تێڕوانین نەبەستۆتەوە. ئەوان دەیانویست لە تێگەیشتنێکی ڕۆشنبیرییەوە بە هەموو لایەنەکانییەوە، شیکردنەوەی سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکەن. بۆ نموونە ئەوان لە ڕێگەی نووسینی شیعر و چیرۆکەوە. ((دواجار نابێ شاعیر بە دۆزەرەوەی چەند کیشوەرێکی دوژمن و دۆست دابنرێت، بەڵکوو شاعیر خوڵقێنەری چەند دنیایەکی نوێیە کە لەگەڵ ئەو دنیایەدا سۆزداری هەیە و لە پێناویدا دەمرێ، تەنیا لەوێدا شاعیر دەتوانی بە هێمنی و ئاشتی پاڵکەوێ، دوور لە جیهانی پیلانگێران و کوشتن)).

## دووەم: ڕوانگە، وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی

ڕەخنەی ڕۆشنبیریی تەنێ لە لە دەوری ئەدەب و هونەردا ناخولێتەوە، بەڵکوو کۆی ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە. لێرەوە دەبێ گرینگی بە ڕەگەزێکی زۆر گرینگ لە پرۆژی ڕۆشنبیریی بدەین، ئەویش نەسەقە. ئەم چەمکە ڕەخنەگر (عەبدوڵلا غوززامی) بۆ تیۆرەکەی (ڕۆمان یاکۆبسن) زیاد دەکات. (ڕۆمان یاکۆبسن) یەکێکە لەو تیۆریزانانەی وەرامی پرسیاری: چ شتێک دەقێك دەکا بە دەقێکی ئەدەبی؟ یان چ شتێک وا دەکات پەیامێکی زمانیی خاسیەتێکی ئەدەبی هەبێت؟ نموونەکەی ئەم تیۆریزانە بۆ پرۆسەی لە یەکگەیشتن و گەیاندن و ئاڵوگۆڕی ئاخاوتن ئاشکرایە لە شەش ڕەگەز پێکهاتووە، ئەوانیش: نێرەر، بۆنێردراو، پەیام، دەوروبەر (سیاق)، کۆد و ئامرازی گەیاندن. بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(غوززامی) ڕەگەزی نەسەق بۆ شەش ڕەگەزەکەی (یاکۆبسن) زیاد دەکات، بەمەیش پرۆسەی گەیاندن دەبێت بە حەوت ڕەگەز. (الغذامی: ٢٠١٠:٦٨] لێرەدا زمان ئەرکی بە گوێرەی هەریەک لەم ڕەگەزانە دیاری دەکرێت

١ .خودی و ویژدانی، کاتێک گوتار پێداگری لەسەر نێرەر دەکاتەوە.

٢ .هەواڵی و سوودگەرایی، کاتێک گوتاری پێداگری لەسەر بۆنێردراو دەکاتەوە.

٣ .ژێدەری، کاتێک گوتار پێداگری لەسەر دەوروبەر دەکاتەوە.

٤ .فەرهەنگی، کاتێک گوتار پێداگری لەسەر کۆد دەکاتەوە.

٥ .ئاگادارکردنەوەیی، کاتێک گوتاری پێداگری لەسەر ئامێری گەیاندن دەکاتەوە.

٦ .شیعرییەت/ جوانناسی، کاتێک گوتار ڕوو لە پەیامە (دەقە).

٧ .نەسەقی: ئەمە ئەو ڕەگەزەیە، کە بۆ پرۆژەکەی یاکۆبسن زیادکراوە.

لای (ڕۆمان یاکۆبسن) بابەتی ئەدەبناسی قسەی زۆر لێکراوە، بەڵام ئەدەب نییە، بەڵکو بابەتی زانستی ئەدەب، ئەدەبییەتە... زاراوەی ئەدەبییەت پێوانەیەکی سیمیایی هەیە و تایبەتە بە دەقی ئەدەبییەوە. پێناسەی ئەدەبییەت لە تیۆری سیمیایی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانی فۆرمالیستەکانی رووسدا جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبییە لە نا ئەدەبی! کەواتە ((ئەدەبییەت واتە ئەرکی ئێستێتیکی (جوانیناسی) و شیعرییەتی دەق. هەموو ژانرێکیش ئەکری تایبەتی خۆی هەیە.)) [مەنتک: ٢٠١٨: ٩٠] ئەم تیۆریزانە (یاکۆبسن) پێداگری لەسەر پەیام (دەق) دەکردەوە، کە چۆن خۆی لە قسەیەکی ئاسایی، یان شتێکی دیکە جوایەز دەکاتەوە. واتە بە بڕوای ئەوان واتا لەناو خودی دەقدایە، نەک دەرەوەی دەقی ئەدەبی.

ئەرکی نەسەقی ڕۆشنبیریی بە بڕوای توێژەران دەکەوێتە نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی و بونیادی عەقڵی مرۆڤ. لێرەدا ئەرکی نەسەقی ڕۆشنبیریی لە لایەک کۆکەرەوەی هەردوو ئەرکی شیکردنەوەیی و ئەزموونی مرۆییە، لە لایەکی دیکەوە کۆکەرەوەی ئەرکی کاریگەری و هەڵسوڕێنەری هەڵسوکەوتی تاکەکان. ئەم نەسەقە هەوڵدەدات ئەزموونی مرۆڤەکان شیبکاتەوە. لێرەوە ڕوانگە هێندەی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیرییە، هێندە پرۆژەیەکی ئەدەبی نەبووە. ڕوانگە دەبێتە شەپۆلێک کۆی بوارەکانی ژیانی کورد لەوکات دەگرێتەوە. بە بەڵگەی ئەوەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد دەبن بە سێ بەرەوە. بەرەیەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواو پشتگیری ئەم پرۆژەیە دەکات، بەرەیەک ڕەتی دەکاتەوە، بەرەیەکیش لەگەڵیەتی بەڵام تێبینی و قسەی لەبارەی پرۆژەکە هەیە. ڕوانگە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی بوو، بەوەی لە شیعر، چیرۆک، شانۆ و تەنانەت سینەما نوێخوازی ڕوودەدات. واتە ڕوانگە بە کاریگەری پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی عێراق و سوریا و لوبنان و وڵاتانی دیکە و ئەوانیش بە کاریگەری ئەوروپا نوێخوازی دەکاتە ڕوویەک لە ڕووەکانی سەردەم. لێرەدا مەبەستمان لە نوێخوازی تەنێ نوێکردنەوەی شیعر و چیرۆک نییە، بەڵکوو تەنگژیەکی شارستانی و جوانییە لە یەک وەختدا.ڕوانگەییەکان ئەوەیان نەشاردۆتەوە لە بابەتی نوێخوازیدا ئەوان مەبەستیان نییە ڕابردوو تەواو رەت بکەنەوە، بەڵکوو دەیانەوێت فراوانتر لەوەی هەیە بیربکەنەوە.

ئەوەی ڕوانگە دەکاتە بە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی دەرچوونیەتی لە چوارچێوەی ئەدەب، بەو واتایەی ئەدەبی کرد بە هۆکارێک بۆ ئەوەی مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردی بجوڵێنێت. مێژووی تاکی کورد گوتارێکی بەرهەم هێناوە، کە خۆی لە چوارچێوەیەک، کە ئایدیۆلۆژیای چەپ و نەتەوەیە قەتیس دەکات. ئەم ئایدیۆلۆژیایانە جۆرێک لە ڕۆشنبیرییان بەرهەم دەهێنا، بەمەیش کۆمەڵی کوردییان بۆ چەند بەشێک دابەش کردبوو. تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە حیزبە کوردییەکانی دابەشی دوو بەرە کردبوو. ئەم جۆرە لەڕۆشنبیرییە بۆ ڕوانگەییەکان ببوو بە پرسیار، بۆیەیش لە ڕێی بیرکردنەوەیان لە بواری ڕۆشنبیریی ئەو سەردەم، بەیاننامەی ڕوانگەیان نووسی و بڵاوکردەوە. بە هۆی ئەم بەیاننامەیەوە جوڵەیەکی تەواو کەوتە بواری خوێندنەوە لە ڕێگەی تێڕوانینی جوایەزەوە، بەمەیش تاکی کورد بە هۆی بەیاننامەی یانزەی ئازارەوە جۆرێک لە ئازادی دروست دەبێت. بەوەی ڕوانگەییەکان بەوە تاوانبار کران بەوەی ئەدەب بۆ نوخبەیەک، یان دەستەیەک خەڵک دەنووسن، بۆیەیش بەردەوام ڕەخنەی ئەوەیان ئاراستە دەکرا، کە ئەدەب دەبێ بۆ جەماوەر بێت. بۆیەیش نووسەرێک بە ناوی (سەربەست) لە وتاری (ئاسۆی ئەرخەوانیدا) دەنووسێت)) :

کاکەمەم...

منیش قوربان هەر ئەوەندەی تۆم وتووە..

وتووە.. تۆ بۆ پەنجاکەس..بۆ پەنجاکەس ئەنووسی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تۆ بۆ میللەت.. بۆ جەماوەری ڕەنجدەر نانووسی. بۆ ئەوانە ئەنووسی کە لە مەتەڵەکانی تۆ ئەگەن.)) [عارف: ٢٠٠٥: ٢٣٩] دەقی ئەدەبی لە لای ئەوان دیاردەیەکی کراوەیە و لە چەند لاوە دەکرێ ڕاڤەی بۆ بکری و شیبکرێتەوە، بەڵام ئەوانەی ڕەخنەی ئەوە دەگرن دەبێ ئەدەب لە خزمەت یەک ئایدیۆلۆژیادا بێت، ئەوان ڕێگری لەم فرەیی لە خوێندنەوە دەکەن و دەیانەوی ئەدەب یەک خوێندنەوە هەڵگرێت. بە بڕوای ڕوانگەییەکان ئەدەب وەکوو بنەمایەکی شەڕی ڕۆشنبیرییە. ئەدەب دەبێت ڕۆشنبیرییەکی باڵا دروست بکات، ئەو ڕۆشنبیریەی ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا ڕۆشنبیرییەک نەبوو لە دەرەوەی مێژوو، بەڵکوو دەیانویست مێژوو دروست بکەن. کاتێک دەگوترێت ئەدەب دەبێ بۆ جەماوەر بنووسرێت، ئەوە تەنێ فێڵێکی ڕۆشنبیرییە بەناوی ئەدەبەوە دەکرێت. ئەوان دەیانوسیت (دەیانەوێت) مرۆڤگەلێک دروست بکەن، ملکەچی تێڕوانین و بیرکردنەوەی سادە بێت. ڕوانگەییەکان دژایەتی ئەمەیان کرد و ویستیان ئەدەب لەو سادەگۆیی و کۆیلەیەتیەی ئایدیۆلۆژیا ڕزگار بکەن. ئەمەیش واتای ئەوە نییە، ڕوانگەییەکان هەوڵیاندەدا ئەدەب و کۆمەڵ، ئەدەب و جەماوەر لە یەکدی دابڕن، نەخێر ئەوان پێداچوونەوەیان بەو شێواز کرد، کە ئەدەب ئامراز بێت، بەڵکوو ئەدەب خودی ئامانجە ڕۆشنبیرییەکەیە. بۆیەیش هەوڵێ ڕوانگەییەکان هەولێک بوو بۆ دروستکردنی مرۆڤگەلێک، کە پاتە لە ڕوانگەیەکی باڵاوە حەقیقەت بەرهەم بهێنێتەوە. لەو ڕێیەوە ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر بەرز بکەنەوە. (کاکەمەم بۆتانی) لە وتارەکەیدا (چەند وتەیەک بۆ ئاسۆی ئەرخەوانی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەڵێ ئەوان بۆ سەت کەس دەنووسن، چونکە ژمارەی خوێنەر (لەو کات) لە سەت کەس تێپەڕی نەدەکرد، ڕاستە فرۆشی کتێب دەگەیشتە هەشتسەت دانە، بەڵام زۆربەیان لە ڕوانگەییەکی ڕەخنەیی و ڕۆشنبیرییەوە نەیاندەخوێندەوە.

## تەوەرەی سێیەم: بە تەمەنداچوونی ئەدەبی کوردی

بابەتی کۆن و نوێ لە ئەدەبدا بەردەوام جێی مشتومڕی نووسەران بووە، لە کاتی نوێکردنەوەی شیعر لە لایەن شاعیرانی وەکوو: شێخنووری شێخساڵح، گۆران، ڕەشید نەجیب و پیرەمێرد و چەندانی دیکە تەنێ پیداگری لەسەر ڕەگەزەکانی کێش، سەروا و ناوەڕۆک. ئەوەی لە کن ئێمە جێی تێڕامانە ئەم شاعیرانە هێندەی مەبەستیان بوو واز لە کێشی عەرووز و سەروای کلاسیک بهێنن، هێندە مەبەستیان نەبوو لە جەوهەر و ئەرکی شیعر بکۆڵنەوە. بەڵام هەوڵەکەی (شێخنووری) لە وتارەکەیدا (ئەدەبیاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردی) نابی لەبیر بکرێت، کە هەوڵێکی تیۆریانەیە بۆ توێژینەوە لە گەوهەری شیعر. (گۆران)ی شاعیر خۆی دان بەوەدا دەنێت، نوێکردنەوەکە تەنی لە ڕووی تەکنیکەوە بووە. ((ئەو تازەکردنەوەیەی لەژێر ئەو کاریگەرییەدا ڕوویدا لە بواری تەکنیکدا بوو، بەتایبەتی مۆسیقا و زمانی شیعری، بەڵام لە ڕووی ڕوانینی شیعرییەوە شاعیرانی کورد ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزی کاری تێکردبوون، هەر لەم دوو سەرچاوەوە بە ئەدەبیاتی ئەورووپی ڕۆژئاوا و ڕێبازە ئەدەبییەکانیان ئاشنا بوون.)) [حسێن: ٢٠٠٨: ١٤٤-١٤٥] وەکوو چۆن لە ڕووی تەکنیکەوە نوێکردنەوەکە سنووردار بوو، بە هەمان شێوەیش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەتایبەت دواتر مۆدێلک دیتە پێشەوە، کە ئەدەب دەکرێت بە ئامراز بۆ گەیاندنی پەیامی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت.

لە ڕوانگەوە نوێکردنەوەی ئەدەب بە گشتی و شیعر واتایەکی دیکەیان دەبێت. ئەوان دژ بە بەتەمەنداچوونی ئەدەب بەیاننامەکە بڵاودەکەنەوە. بە بروای ئەوان پێناسەکردنی ئەدەب وەک ئامراز نیشانەی پیربوون و بەتەمەنداچوونی ئەو ئەدەبەیە و پێویستە خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکرێت و گوتارێکی تازەی بە بەردا بکرێت. بۆیەیش (شێرکۆ بێکەس) لە وتاری (ڕوانگەو... کوێرە ڕەخنە)دا دەڵێت: ((بەڵی بەستنەوەی مەسەلەی ئەدەبیمان بە لایەنی سیاسییەوە کارێکی پیرۆزە، بەڵام.. ئەو ئەدیبە گەورە و بلیمەتانەی تا ئەمرۆ، دنیای ئەدەب ناسیونی، ئەو ئەدیبانەن لە دوو ڕەنگ و سێ ڕەنگ زیاتریان دۆزیوەتەوە... ئێمە ئەمانەوی تەماشای ئەم دنیایە لە هەموو لایەکەوە بکەین.)) [بێکەس: ١٩٧٢: ٣] ئەم تێڕوانینە ڕزگارکردنی ئەدەبە لە بە ئامرازبوون. بەستنەوەی ئەدەب و خوێندنەوەی ئەدەب بە یەک دیگا و تێڕوانین، هەوڵێکە بۆ کوشتن و پەکخستنی ئەو ئەدەبە. بۆیەیش ئەرکی شیعر تەنێ لە گوزارشتکردن لە سیاسەت، یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو شیعر لەوە فراوانترە و چەندین واتا و تێروانین لە خۆیدا حەشار بدات بۆ ئەوەی خوێنەرە جوایەزەکان لە دیدگای جوایەزەوە بیخوێننەوە. بۆ یەیش لە بانگەوازەیەکەیاندا پێناسەی نوێخوازی و بیری نوێ دەکەنە: ((نهێنی پاشەڕۆژی ڕووناك و سەرکەوتن و زاڵبوونی ئەدەبی تازە و بیری نەوەی نوێ لە تەنها ڕازانەوە و ئارایيشکردنی دیوی دەرەوەدا نییە، بەڵکو لە چوونەخوارەوەشدایە بە بنج و بێجی هەست و نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستهەمدا... هەموو شەیەک ئەیهەوێت بژی و بجولێت و جێگەی خۆی بکاتەوە.)) [عارف: ٢٠٠٥: ٩] لێرەوە پەیامی ئەوان لەبارەی بەتەمەنداچوونی ئەدەبی کوردی ڕوونە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەوەی ئەدەب و شیعر خۆی لە نوێکردنەوەی رووی دەرەوەدا کورت دەکاتەوە. بەڵام ئەدەب و شیعر دەبێت لەگەڵ خەم و خەونی مرۆڤی سەدەی بیستەمدا بگونجێت. ئاشکرایە مرۆڤی سەدەی بیستەم لە بەشێکی کەوتۆتە ناو ڕەوتی مۆدێرنیزم و بەشەکەی دیکەی بەرەو پۆستمۆدێرنیزم دەچێت.بۆیەیش ئەدەب و شیعر ئەرکێکی قورستریان لەسەر شانە. وەکوو لە بەیاننامەکەیشدا چەمکگەلی وەکوو: سەدەی زانیاری، سەدەی یاخیبوون، سەدەی هەڵگەڕانەوە دەخوێنینەوە. ئەدەب ئەگەر خۆی قەتیس بکات لە تەنێ لایەنێک ئەوا ناتوانێت لەگەڵ سەردەم بگونجێت. ئەو کاتەی ڕوانگەییەکان پەیامەکەیان بڵاوکردەوە، ئەدەبی کوردی لە شوێنی خۆی وەستابوو، شوێنێک، کە چەندین ساڵ بوو بە شێوەیەکی تاکوتەرا نەبێت بەرهەمی ئەدەبی بڵاوکراوەمان نەبوو. بۆیەیش بەبڕوای توێژەران دەیەی شەستی سەدەی بیست، دەیەی مەیین و لە جوڵەکەوتنی ئەدەبی کوردی بوو، ئەم دۆخە درێژەی دەبێت تاکوو سەرەتای ساڵانی حەفتای هەمان سەدە. لێرەوە ڕوانگەییەکان بە ئاگەداربوون لە ڕەوتی نوێخوازی سەردەم و خوێندنەوەی دۆخی ئەدەبی کوردی، بانگەوازەکەیان بلاوکردەوە. هەرچەندە دژایەتی کران، بەڵام دواجار جوڵەیەکی زۆری خستە ئەدەبی کوردییەوە. بە بڕوای ئێمە ئەوانەی دژ بە ڕوانگە بوون، کەسانێک بوون لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە مەیبوون، چونکە ئەوان بۆ لە دەیەی شەستی هەمان سەدە، یان ساڵانی پێش ڕوانگە هیچ نووسینێک چ وەک بەرهەم و چ وەک ڕەخنە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەدەبی کوردی نەبوو؟ واتە هیچ هەوڵێکیان بۆ پێشخستنی ئەدەبی کوردی نەدا. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ئەم فۆرمە لە ئەدەب، کە لە گۆرانی شاعیرەوە درێژەی هەبوو، کۆن ببوو، پێویستی بە نوێبوونەوە هەبوو.

ئەم نوێبوونەوەیەی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی گوتارێکی ڕۆشبیرییدا دێتەپیشەوە. بەوەی ئەوان بە تەواوەتی ئەدەبی پێش خۆیان ڕەت ناکەنەوە، بەڵکوو ڕابردوو دەکەنە بناغەیەک بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ڕووبدات و بەردەوام بێت. بۆیەیش سیما نوێیەکانی شاعیر و نووسەرانی ڕوانگە لە شوێنی خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت، کە جوایەزییان لەگەڵ ئەدەبی پیش خۆیان چەند بووە و چۆن بووە. هاوکات چ جوڵەیەکیان خستە ڕەوتی ئەدەبی کوردییەوە و لەگەڵ پێویستی قۆناغەکە ئەدەبەکەیان گونجاند. بۆیەیش گۆڕانێکی جۆری گەورە لە تێڕوانینی مرۆڤی کورد لەو کات ڕوودەدات، تاکی کورد لە باری مەیینەوە بەرەو باری هیوا و دیاریکردنی ئامانجەکانی هەنگاو دەنێت، ئەمەیش بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆی بزاڤی مێژوویی و ڕۆشنبیرییەوە. بە بڕوای ئێمە بزاڤی ڕوانگە، بزاڤێک بوو کاری لەبارەی بونیادی فیکری و کولتووری کوردەوە کرد، بەوەی ئەم بزاڤە بەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی ئەو شەپۆلە نوێخوازییە بوو، کە لە ئەوروپا و دواتر جیهانی عەرەبییەوە روویدا. دەبینین لە ئەدەبی جیهانیدا ڕەوتی پاشبونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەری پەیدا دەبن. بۆیەیش دەبینین نووسینەکانی (دریدا) ئیشکردنە لەسەر بونیادی ڕۆشنبیریی و فەلسەفی کۆمەڵی ئەوروپی. بۆ نموونە دژ بە عەقڵسێنتەری ڕۆژئاوا دەوەستێتەوە و ڕەتی دەکاتەوە، ئەمە خۆی لێدانێک بوو لە عەقڵ و پێشکەوتنی ڕۆژئاوا. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێی دەستی دووەمەوە دەگاتە کوردستان. بەیاننامەی ڕوانگەییەکان لێدانێک بوو لە ئایدیۆلۆژیاسەنتەری ئەدەبی کوردی. ئەدەبی کوردی بە شێوەیەک ئایدیۆلۆژیا و بواری سیاسی قۆرغیان کردبوو، لایەنی ئێستێتیکا فەرامۆش کرابوو. ڕوانگەییەکان ئەدەبیان هێنایەوە ناو بواری ڕۆشنبیریی بە گشتی، کە لە ڕێیەوە بەرگری لە ناسنامە و نیشتمانی کوردستان. ئەوان لەم جۆرە ئەدەب هەڵگەڕانەوە، کە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا تێیدا سەنتەر بوو، بەمەیش باڵادەستی ئایدیۆلۆژیایان لە ئەدەب داڕووخاند. بێگومان ئەم بەتەمەنداچوونەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی بە هۆی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەوە، ڕەنگدانەوەی تاکی کورد بوو. واتە تاکی کورد لەو سەردەم هەموو شتێک، تەنانەت خودی خۆیشی خستبووە خزمەت ئایدیۆلۆژیا، بەمەیش هەم خود و کۆمەڵ تووشی بەستێن ببوون، هەموو شتێک تووشی پیری و بەتەمەنداچوون ببوو. ڕوانگەییەکان ئەم بەستێتە تێکدەشکێنن، بەردەوامیش بەوە تاوانبار دەرکێن بەرهەمەکانیان لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکیدا نییە. بەڵام هەوڵە ڕۆشنبیرییەکەی ڕوانگەییەکان دواجار سەردەگرێت و دەرچەیەک بۆ بزاڤ و ڕەوەتە ڕۆشنبیرییەکانی دوای خۆی دەکاتەوە. لە دوای ڕوانگە چەندین بەیاننامەی ئەدەبی و شیعری بڵاودەکرێنەوە. ئەم بە گرووپ ئیشکردنە دەبێتە نەریتێک و لە دەیەی هەشتا لە هەولێر گرووپی پێشڕەو بە سەرپەرشتی مەحموود زامدار بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە. ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییانە لەناو ئەدەبی کوردیدا دەبنە نەریت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجامەکان

١ .ڕەخنەی ڕۆشنبیریی ئەدەب لە ڕووی جوانناسییەوە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی تێدەپەڕێنێت. واتە هیچ مەودایەک لە نێوان دەق و دەوروبەرە ڕۆشنبیرییەکەی ناهێڵێتەوە.

٢ .بانگەوازەی ڕوانگەییەکان تایبەت نییە بە یەک بواری ژیان، خۆیان بە یەک بوار و لایەن نابەستنەوە. بەڵکوو گوتارێکە کۆی لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.

٣ .بە هۆی ئەم بەیانامەیەوە جوڵەیەکی تەواو کەوتە بواری خوێندنەوە لە ڕێگەی تێڕوانینی جوایەزەوە، بەمەیش تاکی کورد بە هۆی بەیاننامەی یانزەی ئازارەوە جۆرێک لە ئازادی دروست دەبێت.

٤. لای ڕوانگەییەکان چەمکی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی گوتارێکی ڕۆشبیرییدا دێتەپێشەوە. بەوەی ئەوان بە تەواوەتی ئەدەبی پێش خۆیان ڕەت ناکەنەوە، بەڵکوو ڕابردوو دەکەنە بناغەیەک بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ڕووبدات و بەردەوام بێت.

## سەرچاوەکان:

یەکەم: کتێبی کوردی

١ .ئاشنابوون بە گرامشی: ٢٠١٥: وەرگێرانی:ئەرسەلان حەسەن: بەرگی یەکەم: دەزگای ئایدیا: سلێمانی.

٢ .حسێن، جەبار ئەحمەد: ٢٠٠٨: ئێستاتیکای دەقی شیعری کوردی (کوردستانی عێراق ١٩٥٠- ١٩٧٠): دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

٣ .عارف، حسین: ٢٠٠٥: ڕوانگە و یاران و نەیارانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

٤ .فۆکۆ، میشێل: ٢٠١٨: دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت: وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە: سلێمانی.

٥ .مەنتک، حەمە: ٢٠١٨: مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی تیۆرییەوە)، کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر.

دووەم: ڕۆژنامە

٦ .بێکەس، شێرکۆ: ١٩٧٢: ڕوانگەو...کوێرە ڕەخنە: ڕۆژنامەی هاوکاری: ژمارە: ١٢٩: ١٢/ ٨/ ١٩٧٢.

سێیەم: کتێبی عەرەبی

٧ .بنگراد، سعید: ٢٠١٢: السيميائيات (مفاهيمها وتطبيقاتها): ط٣: دار الحوار: سوريا.

٨ .عبدالله الغذامی وعبدالنبی اصطیف: ٢٠٠٤: نقد الثقافی ام نقد ادبی: مکتبه الاسد ودار الفکر: دمشق.
٩ .الغذامی، عبدالله: ٢٠٠٠: النقد الثقافی، قراءه فی الانساق الثقافیه العربیه: المرکز الثقافی العربی: بیروت.
١٠ .الغذامی، عبدالله: ٢٠٠٥: النقد الثقافی (قراءه فی الانساق الثقافیه العربیه): ط٣: المرکز الثقافی العربی: بیروت.
١١ .الغذامی، عبدالله: ٢٠١٠: النقد الثقافی، قراءه فی الانساق الثقافیه العربیه: الهیئه العامه لقصور الثقافه: القاهره.
١٢ .لیتش، فنسنت: ٢٠٠٠: النقد الادبی الامریکی من الثلاثینات الی الثمانینات: ترجمه: محمد یحی: المجلس الاعلی للثقافه: القاهره.
١٣. میجان رویلی و سعد البازعی، ٢٠٠٢: دلیل الناقد الادبی: المرکز الثقافی العربی: ط٣: بیروت.

# Rwanga Movement and Cultural Critical Speech

**Asist. Prof. Dr. Mohammed Ahmed Hasan**
Department of Kurdish Language, College of Education- Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Mohammed.hasan@su.edu.krd

***Keywords:*** *Cultural criticism, Movement of Rwanga, culture, discourse, literary criticism*

## Abstract

Cultural Criticism in Literature was of a reaction toward Structuralism and Semiology, which would see literature as a linguistic phenomenon.  In other words, literature used to be an artistic, esthetic and poetic phenomenon. But, cultural criticism emerges and releases literature from that framework and becomes a new method for studying that cultural structure which has created that literature, simultaneously, studying literature from its cultural, social, historical and political context. In our viewpoint, Rwanga Movement was more of a cultural phenomenon than a literary one such as a piece of text. This research (Rwanga Movement and Cultural Critical Speech) consists of two chapters. The first chapter is a literary chapter containing

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

three sections. The first section discusses terminology related to cultural criticism. The second section is dedicated to cultural criticism which replaces literary criticism, and how wider the area cultural criticism works in than that of literary criticism. The third section discusses the cultural speech of Rwanga Movement for which we have worked on the Movement's manifest. The second chapter is a applied work containing two parts. The first part discusses the role of Rwanga movement on how it works on the structure of the making of literary text. The second part discusses the aging of Kurdish literature and the role of Rwanga movement in its revival as a cultural phenomenon. The result of our research is discussed in some points. The Harvard system has been used for the list of the references.

------------------------------------------------------------

## حركه روانگه والخطاب النقد الثقافى

**ملخص:**
كان النقد الثقافي في الأدب رد فعل تجاه البنيوية وعلم السيمياء ، والذي كان يرى الأدب كظاهرة لغوية. بمعنى آخر ، كان الأدب ظاهرة فنية وجمالية و شعرية. لكن النقد الثقافي يبرز ويصدر الأدب من ذلك الإطار ويصبح طريقة جديدة لدراسة ذلك الهيكل الثقافي الذي أوجد هذا الأدب ، وفي الوقت نفسه، يدرس الأدب من سياقه الثقافي والاجتماعي والتاريخي والسياسي. من وجهة نظرنا ، كانت حركة روانگه ظاهرة ثقافية أكثر منها ظاهرة أدبية مثل النص. يتكون هذا البحث (حركة روانگه والخطاب النقدي الثقافي) من فصلين. الفصل الأول هو فصل نظرى يحتوي على ثلاثة أقسام. يناقش القسم الأول المصطلحات المتعلقة بالنقد الثقافي. القسم الثاني مخصص للنقد الثقافي الذي يحل محل النقد الأدبي، وكيف يعمل النقد الثقافي في المنطقة على نطاق أوسع من النقد الأدبي. يناقش القسم الثالث الخطاب الثقافي لحركة روانگه التي عملنا من أجلها على بيان الحركة. الفصل الثاني هو عمل تطبيقي يحتوي على الاثنين أجزاء. يناقش الجزء الأول دور حركة روانگه في كيفية عملها على هيكل صناعة النص الأدبي. الجزء الثاني يناقش شيخوخة الأدب الكردي و دور حركة روانگه في إحياءها كظاهرة ثقافية. وتناقش نتيجة بحثنا في بعض النقاط.